سودانی بەشداری مەشقی تاکتیکی (هاوڕی ئاسنین) ی فیرقی نێیەمی زرپێشی سوپای عێراق دەکات



فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە ئامادەی مەشقکی تاکتیکی (هاوڕی ئاسنین) بوو لە هەرشکی پلان بۆ داڕژراودا کە لەلایەن فەرماندەیی هێزە زەمینیەکان/ فیرقی نێیەمی زرپێشی سوپای عێراق جێبەجێ کرا بۆ بەشداری کردنی فڕۆکەوانی سووپا و بەرگری ئاسمانی و فەرماندەیی هێزی ئاسمانی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا رایگەیاند:"سودانی ستایشی هەوڵەکانی هێزە سەربازیەکانی کرد بۆ ئینجامدانی مەشقە تاکتیکیەکان بە وردی، کە پشتاستی حاڵەتی ئامادەکاری و ڕاهێنانی بەردەوام دەکاتەوە و یەکەکانی گیاندە ئەم ئاستە".

لە ڕاگەیندراوەکدا هاتووە" سودانی داوای کرد بەردەوام بن لە مەشق و ڕاهێنان، بۆ بەردەوامبوونی یەکەکانی سوپای عێراق بەم ئاستە بەرزەی ئامادەیی لە پێناو هووبەووبوونەوەی ئاستەنگیە جۆراوجۆرەکان".

هەروەها ئاماژەی بۆ گرنگی ئەم چالاکییانە و بەردەوامبوونیانی کرد و جەختی لە پێویستی دیاریکردنی

بەرنامەکانی مەشق و ڕاهێنان کردنەوە، و پشکنینە سەربازییەکان کار بکەن بۆ هێزەکانی ئێو چالاکییەکانی مەشق و ڕاهێنانانەی کە دەمانەوێت بۆ شۆڕشێکی پیشەیی و ئاست بەرز جێبەجێ بکرێن.

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان جەختی لە جددیەتی حکومەت کردەوە لە پەرەپێدانی چەکی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی دیکە کە لە ماوەی ڕابردوودا کەرستەی پێویستیان وەرنەگرتووە، ئاماژەشی بۆدا کە هەنگاوی کرداری و کاریگەر دەگیرێنەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، و هەموو جۆر و پێکهاتە ئەمنییەکان چەکی پێشکەوتوویان دەبێت بۆ نوێترین تەکنەلۆژیا و لێژنەکانیش بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراون و بەم زووانە دەست دەکەین بە گرێبەست کرد لەگەڵ چەندین لایەندا.
سودانی فەرماندەی ئەمنییەکانی ڕاسپارد کە وریابن و بەردەوام بن لە بەدواداچوون بۆ پاشماوەکانی چەتە تیرۆریستییەکانی داعش کە چاوەڕێی دەرفەت دەکەن بۆ دروستکردنی بەشایی لەم ناووچە و ئێو ناوچەدا.